سودانی له لوتکەی قاهیرە لەگەڵ ژمارەیەك لەسەرکردەکان گفتوگۆی کرد

ئەمڕۆ شەممە محمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ ژمارەیەك لەسەرکردەکان گفتوگۆی کرد بۆ کۆکردنەوەی پێگەی نێودەوڵەتی بۆ هەڵگرتنی گەمارۆ لەسەر کەرتی غەززە. لە ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیراندا هاتووە : سەرۆك وەزیران گفتوگۆی لەگەڵ ژمارەیەك سەرکردە ئەنجامداوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی پاڵپشتی عەرەبی و نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی داواکەی عێراق کە دەستبەجێ ئاگربەست ڕابگەیەنێت و ئەو گەمارۆیە هەڵبگرێت كە بەسەر غەززەدا سەپێنراوە، لە کاتی بەشداریکردنی لە کۆنفرانسی لوتکەی قاهیرەبۆ ئاشتی. سەرۆك وەزیران داوای کرد لەڕێگەی زنجیرەیەك گفتوگۆوە، هەوڵی هاوبەش بۆ ئاسانکاری گواستنەوەی هاوکارییە مرۆییەکان، هەروەها پاڵپشتیکردنی دەستپێشخەری عێراقی بۆ دامەزراندنی سندوقێکی پشتیوانی بۆ خەڵکی گەمارۆدراوی غەززە.